چاودێر

THE OBSERVER

رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (٥١) دوو شەممە ٢٠٠٥/١٠/٢٤

Aweekly Political, Educational & Social Press

عەمر موسا دەگاتە سلێمانی و ستایشی رۆڵی کورد دەکا

ئێوارەی دوێنێ عەمر موسا ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی گەیشتە شاری سلێمانی و لەسەعات ٦،٣٠ی ئێوارەیشدا لە سلێمانی پاڵاس، لەگەڵ بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری عێراق داکۆبوەوە.

لەکۆبونەوەکەدا کەعومەر فەتاح، دکتۆر فوئاد مەعسوم، وشیار زێباری، مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، مستەفا چاو رەش و ئازاد جندیانی و چەندین لێپرسراوی تر ئامادەی بوون، عەمر موسا ستایشی خەبات و قوربانیدانی کوردی کردو رایگەیاند: ئەو کێشانەی ئێستا لەعێراقدا هەن، کورد تەرەفە لەچارەسەرکردندا، و بەڵێنیشی دا سەردانی کوردستان و عێراق بکاتەوە.

سەرۆک کۆماریش ئاماژەی بەتیرۆری رەش کرد لەعێراق و داوایشی کرد وڵاتانی عەرەبی هەڵوێستیان بەرانبەر عێراق هەبێ، گەرنا زیانیان پێ دەکەوێ.■

سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی):

موحاسەبەی ئەو وەزیرو لێپرسراوە حکومییانە دەکەین کە بەشداری راپرسیان نەکردووە

عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) رایگەیاند: موحاسەبەی ئەو وەزیرو لێپرسراوە حکومییانە دەکەین کە بەشداری راپرسییان نەکردووە، و رووونیشیکردەوە: بەشدارینەکردنی راپرسی مانای وایە ئەو کەسانە بەشدارییان نەکردووە لەخەباتی میللەتەکەماندا، بەشدارییان نەکردووە لەرەوایی کێشەکەماندا، بەشدارییان نەکردووە لەپرۆسەیەکدا کە بەنیسبەت عێراقەوە چارەنوسسازە، لەبەرئەوە بەتەئکید موحاسەبەیان دەکەین.

هەر لەو چاوپێکەوتنە تایبەتەیدا لەگەڵ رۆژنامەی "چاودێر"، سەرۆکی حکومەت رۆشنایی خستە سەر لایەنی گەندەڵی ئیداری کابینەکەی، و هەروا رای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر کابینەکەی و لەمبارەیەیشەوە ئاماژەی بەوە کرد: مەکتەبی سیاسی یەکێتی دانەنیشتووە کە تەقیمێک بکات بڵێت ئێمە رازی نین لەم حکومەتە.. و وتی: من خۆم ئەندامی مەکتەبی سیاسیم لەزۆر کارو کرداری حکومەت رازی نیم و ئاشکرایشی کرد: دەستبەکارین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لەهەموو دەزگاکاندا بکەین.. بەتایبەتی لەرووی گەندەڵییەوە بەسەرجەمی فەرمانگەکاندا دەچینەوە.

دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە (٤) دا دەخوێننەوە..■

وەزیری رۆشنبیری دەنگ بەدەستور ناداو لەپۆستەکەشی لادەبرێ

فەتاح زاخۆیی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) رایگەیاند: دەنگم بەدەستور نەداوە لەبەرئەوەی دەستورەکە مافی چارەنوسی گەلی کوردستانی دیارینەکردووە.

وەزیری رۆشنبیری ئاماژەی بەوەیش کرد: دەنگنەدانی بۆ دەستور ناکۆکە لەگەڵ بڕیاری سیاسی حزبەکەی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) لەبەرئەوەی زەحمەتکێشان بڕیاری دەنگدان بەدەستوری داوە.

ئەم دەنگنەدانەی وەزیری رۆشنبیری، کە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانیشە، هاوکاتە لەگەڵ دەنگنەدانی نەریمان مستەفا نوێنەری حزبی زەحمەتکێشان لەناوەندی دەنگدانی کۆمەڵگای نەسر، هەروەک چۆن لەرۆژی راپرسیداو لەلایەن حزبەکەیەوە لەسەر سندوقی دەنگدان دەرکرا.

لەتازەترین هەواڵیشداو لەکۆبونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی وەزیراندا، داوا لەوەزیری رۆشنبیری کرا کۆبونەوەکە بەجێ بهێڵێ و رێگەشی پێنەدرا ئیمزا لەسەر کۆنوسی کۆبونەوەکە بکا.

هەر لەکۆبونەوەکەدا عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت بەوەزیری رۆشنبیری وتووە: گەر مەسەلەی حزبایەتی نەبێ تۆ دەبیتە وەزیر؟!■

لەمبارەیەوە دەقی چاوپێکەوتنی وەزیری رۆشنبیری و بریکاری وەزارەتی ناوبراو لەلاپەڕە (٨) دا دەخوێننەوە..

پارتی وەڵامدانەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ دوای گەڕانەوەی بارزانی دوادەخا

سەرچاوەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رایگەیاند: پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆبوونەوەکەی رۆژی (١٠/٢٠)دا کە لەهاوینەهەواری سەلاحەدین لەنێوان تاڵەبانی و بارزانی و ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوولادا بەڕێوە چوو، پارتی بەیەکێتی راگەیاندووە: وەڵامی رەسمی خۆمان دەربارەی پێشنیازەکەتان بۆ چۆنیەتی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی داهاتووی هەرێم، بۆ دوای گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەئەمریکا، دوادەخەین.

سەرچاوەکە رووونیشیکردەوە: یەکێتیی نیشتمانی لەوەڵامی پێشنیازەکەی پارتیدا دەربارەی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە داوایانکردبوو بە مناوەبە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بێ بۆ هەریەکێکیان، و یەکەمین جار بۆ پارتی بێ، یەکێتی وەڵامیداوەتەوە: گەر پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە مناوەبەو بۆ ساڵ و

بۆ ل٣

هەواڵ و مەترسی

رفاندنی مولازمێکی کورد

رۆژی ٢٢ ئەم مانگە، بەهەمەن ئازاد تەمەن ٣٠ ساڵ کەهاوڵاتیەکی شاری قەڵادزێیە و مولازمە لەسوپای نوێی عێراق، لەکاتی گەرانەوەی لەبەغداوە بۆکوردستان، لەسەر ڕێگەی عوزێم لەلایەن باندێکی تیرۆریستیەوە، دەستگیر دەکرێت و بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕفێنرێ. شایەنی باسە تیرۆریستان هەر بەتەلەفۆنەکەی ناوبراو پەیوەندی دەکەن بەکەسوکاری بەهەمەنەوە و داوا دەکەن (١٥) دەفتەر دۆلاریان بۆ رەوانە بکەن، ئەگەر نا سەری دەبڕن.■

تەقینەوەیەکی تیرۆیستی لەپێنجوێن

سەعات ٨ دوێنێ شەو لەبەردەم دوکانێکی ناوبازاری پێنجوێن، نزیک قوتابخانەی (جەلال مەحمود) بۆمبێکی تەوقیتکراو دەتەقێتەوەو زەرەرو زیانێکی زۆری مادی دەگەیەنێت بەقوتابخانەکەو دوکانەکانی دەوروبەری، شایەنی باسە ئەنجامدەرانی ئەم تەقینەوەیە، تا ئێستا ئاشکرا نین و ئەو هەلەیان قۆستۆتەوە کەئەوگەرەکە دووشەوە کارەبای نییە.■

شۆفێرێکی کورد دەڕفێنرێ

رۆژی ٩ی ئەم مانگە لەسەر ڕێگەی عوزێم، چوار تیرۆریست کەئۆتومبیلێکی BMWیان پێبووە، هێرش دەکەنە سەر ئۆتۆمبیلێکی ژمارە دهۆک، دوای تەقەلێکردنی شۆفێرەکەیان رفاندووەو تائێستاش بێ سەرو شوێنە.■

پارتی ناحەزانی PKK کۆدەکاتەوە

سەرچاوەیەکی هەواڵ بەرۆژنامەی "چاودێر"ی راگەیاند: پارتی لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو کەسانەی لە PKK دابڕاون، یاخود مەوقیفیان بەرانبەر سیاسەتی پەکەکە هەیەو لەئەوروپا دەژین، کۆیانبکاتەوەو پارتێکی نوێیان بۆ دروستبکات کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدابێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەش عەزیز وەیس و چەند کەسێکی تر چوونەتە ناو تورکیاو لەوێیشەوە بۆ ئەوروپا بەمەبەستی کەسبکردنی ئەو کەسانەی لە PKK نیگەرانن. جێی وەبیرهێنانەوەیە، عەزیز وەیس لەساڵی ١٩٩١دا کادری لێهاتووی پەکەکە بووەو چاوەڕوانیش دەکرێ کاریگەری ببێ بەسەر هەندێ لەئەندامانی پەکەکەوە.■

پارتی و یەکێتی دابەشکردنی وەزارەتەکان یەکلاییدەکەنەوە

سەرچاوەیەک لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی بەرۆژنامەی "چاودێر"ی راگەیاند: پارتی و یەکێتیی لەسەر دابەشکردنی پۆستە وەزاریەکانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان رێککەوتوون و تەنها پۆستی سەرەک وەزیران ماوە کە هێشتا یەکلاییەنەکراوەتەوە.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەیش کرد: بەگوێرەی ئەو رێکەوتنە هەریەکە لە وەزارەتەکانی "پەروەردە، تەندروستی، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، سەرچاوەی ئاو، گواستنەوە، ئاوەدانکردنەوە، پلاندانان، و مافی مرۆڤ" بەر یەکێتی کەوتوون، و وەزارەتەکانی "خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ، شەهیدان، رۆشنبیری، کارەبا، شارەوانی، وەزش و لاوان، و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دەرەوە بەر پارتی کەوتوون.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیش کرد: هەریەکە لەیەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی شیوعی کوردستان، و زەحمەتکێشان یەکی وەزارەتێکیان دەدرێتێ.

لەوەڵامی پرسیارێکماندا دەربارەی هەریەکە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، دارایی، داد، و پێشمەرگە، کە بەر چ لایەنێک کەوتوون، ئەو سەرچاوەیە وتی:

هەریەکە لەو وەزارەتانە وەک خۆیان دەمێننەوە، و وەزارەتی هەرێمی تایبەتیان بۆ پێکدەهێنرێ و بەیەکسانی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دابەشدەکرێن.■

لەشفرۆشەکان رەوانەی کوردستان دەکرێن

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بە "چاودێر"ی راگەیاند: گروپێکی تیرۆریستی سەر بە (انصار السنه) کە لە خزم و کەسە نزیکەکانی سەدامن و لەکۆنە موخابەرات و فیدائی سەدام پێکهاتوون، بەرنامەیەکیان دارشتووە بۆ رەوانەکردنی ئافرەتی لەشفرۆش بۆ سنوری هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانیان لە کردەوەی تیرۆریستیدا.

ئەو سەرچاوەیە رووونیشیکردەوە: ژمارەیەک لە ئافرەتە لەشفرۆشەکان ناسنامەی تەزویریان بۆ کراوەو بەنیازن بەناوی گەشتوگوزارو لەشفرۆشییەوە کاری تیرۆریستی ئەنجامبدەن و نەخۆشی بڵاوبکەنەوە.■

رێکەوتنێکی تری یەکێتی و پارتی

یەکێتی و پارتی گەیشتنە رێکەوتنی کۆتایی سەبارەت بە ژمارەی نوێنەرانیان لە پارلەمانی داهاتووی عیراق، و بەگوێرەی ئەو رێککەوتنە، هەریەکەیان (٣١) ئەندامیان لە پارلەمانی داهاتوودا دەبێ.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەک لەمەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە "چاودێر"ی راگەیاند: بەگوێرەی ئەو رێکەوتنە هەریەکە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (٢) ئەندام، تورکمانەکان (٣) ئەندام، و هەریەکە لە کۆمەڵی ئیسلامی، زەحمەتکێشان، شیوعی، سۆشیالیست و کلدانەکانیش یەکی ئەندامێکیان دەبێ و عەرەبەکانیش دوو ئەندام.

لەمبارەیەوەو بەگوێرەی لیستێک کە دانەیەکی گەیشتووەتە "چاودێر"، لەنێو (٣١) ئەندامەکەی یەکێتیدا (٩)یان خەڵکی شاری سلێمانی، و (٤)یان هەولێر، (٥)یان موسڵ، (٥)یان بەغداو ئەوانی تریش خەڵکی کەرکوک، دهۆک، دیالەو تکریتن.

ئەندامەکانی پارتیش (٦)یان خەڵکی هەولێرن، (٥)یان دهۆک، (٥)یان بەغدا، (٥)یان موسڵ، (٣)یان سلێمانی، و ئەوانی تریش خەڵکی کەرکوک، و دیالەو تکریتن.

هەر بە گوێرەی ئەو لیستە نوێنەرانی هەریەکە لە شیوعی و سۆشیالیست خەڵکی سلێمانین، و دوو ئەندامەکەی یەکگرتوویش خەڵکی دهۆک و سلێمانین، و نوێنەری زەحمەتکێشانیش خەڵکی کەرکوکەو ئەوانی تریش دانیشتووی کەرکوک و هەولێرن.■

ئەو حاکمەی بووە جێگای شانازی کورد، حکومەتی هەرێم موچەکەی دەبڕێ!

سەرچاوەیەکی تایبەت بەرۆژنامەی "چاودێر"ی راگەیاند: حکومەتی هەرێم - ئیدارەی سلێمانی، بڕیاری داوە بەبڕینی موچەو هەروا لابردنی "حاکم رزگار محەمەد ئەمین" سەرۆکی دادگای تاوانکاری کەرکوک لەپۆستەکەی.

حاکم رزگار محەمەد ئەمین کەچەند رۆژێک لەمەوبەر دادگایی سەدام حسێن و حەوت لەگەورە کاربەدەستەکانی رژێمەکەی کرد، بەپاساوی ئەوە موچەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بڕاوە، کەهیچ کەس بۆی نیە دوو موچە وەربگرێ و ئەم بڕیارەش لەلایەن وەزارەتی دادەوە جێبەجێکراوە.

لەوبارەیەوە "چاودێر" پەیوەندی کرد بەوەزیری دادو بەڕێزیشی تەئکیدی کردەوە لەسەر بڕینی مووچەو هەروا لابردنی حاکم رزگار لەپۆستەکەی و وتی: بۆیە موچەی حاکم رزگارمان بڕیوە، لەبەرئەوەی کەس نابێ دوو موچە وەربگرێ و ئێستا حاکم رزگار لەدادگای تایبەت موچە وەردەگرێ.■

سەروتار

گزی و.. هەڵبژاردن و راپرسی

راپرسی، هەروا هەڵبژاردنەکان، تازە لەم وڵاتەدا کرایە ئەرکی سیاسی و یاسایی و ناوبەناو، چ لەعێراق و چ لەکوردستاندا، هەڵبژاردن و راپرسی روودەدەنەوە.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پاری پەرلەمانی عێراق و کوردستان، دووەمین تاقیکردنەوەی گەورەی هەڵبژاردنە لەکوردستان و یەکەمین تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنیشە لەعێراقدا. ئەم راپرسیەش لەسەر دەستور، سێیەمین تاقیکردنەوەی دیموکراسییە، دوو تاقیکردنەوەی عێراق و سێ تاقیکردنەوەی کوردستان، لەچاو تاقیکردنەوە زۆرو زەبەندەکانی رۆژئاوا زۆر نین، بەڵام گرنگیشن لەهەموو رووییەکەوە هەڵبسەنگێندرێن و کەموکوڕیەکانیان دیاری بکرێ و دووپاتیش نەکرێنەوە.

کەموکوڕیەکان.. جۆراوجۆرن.. کەموکوڕی وا هەیە، گشتین و پەیوەندیان بەپرنسیپ، یان بەوردەکاری هەڵبژاردنەکەوە هەیە. هی واش هەیە تایبەتین و پەیوەندیان بەحیزبەکان، یان گروپ و رێکخراوەکانەوە، یاخود بەخەڵکیشەوە کەمو زۆر، هەیە.

یەکێک، لەگەورەترین کێشەکانی هەڵبژاردن، گزی کردنە. دیارە گزی کردن بەهەر شێوەو شێوازێک بێ، هەر بڕیارێکی لەپشتەوە بێ و هەر نەخشەیەکی بۆ کێشرابێ، پەشمێکی سیاسی، نەتەوەیی، حیزبی و شەخسی گەورەیە.

پێمان وایە، ئەگەر لەهەرشار و شارۆچکەیەکی کوردستان، حیزبێک، یان لایەنێک، یاخود دەسەڵاتێک، لەسەرکردایەتی و دەسەڵاتی باڵاوە بڕیاری گزی کردنی لەم راپرسیەدا دابێ، یان لەهەڵبژاردنەکانی دیکەدا، ئەم کارە هەر لایەک بەنەخشەو مەرام ئەنجامی دابێ، شەرمەزاریەکی گەورەی بۆ خۆی و ئەندامو لایەنگرانی تۆمار کردووە. لایەنی وا، هەرگیز ناتوانێ هەتا سەر سەنگو توانای راستەقینەی لەهەڵبژاردن و مەحەک دانی جەماوەریدا، بشارێتەوە. هەلومەرجێ دادێ، ئارایشتی گزی کردنەکانی، بەوریایی رای گشتی و چاودێرانی نێودەوڵەتی، دابشۆرێ. هەنگینێ، وەکو دەیان حیزب و دەسەڵاتو کەسایەتی ناودار کە لەمێژوودا لەگزی گیراوون، شکستێکی سیاسی گەورەیان توش دەبێ.

خۆ ئەگەر هەشبن لەبنکەکانی خوارەوەی حیزبەکاندا، لەخۆراکاری وایان کردبێ، ئەمیش کارێکی خراپ و پێچەوانەی دیموکراسییە، کە ئەگەر بێت و ئەم نەخۆشییە چارەسەر نەکرێ، دەبێتە پێشینەی نەریتێکی سیاسی ترسناک کەدوور نییە ببێتە مایەی کەتنێکی سیاسی پڕ لەشکست و شەرمەزاری بۆ ئەزمونی کوردستان و ئەو لایەنە، یان لایەنانەی گزی دەکەنە خووی ئەندامو ریزەکانیان. بۆیە گزی کردن و بەگزی بردنەوەی هەڵبژاردن، نەک لەدونیای سیاسەتدا بەسەرکەوتن ناژمێردرێ، بەڵکو لەگەوهەردا شکستێکی سیاسی و شەرمەزارییەکی یاسایی ئەوتۆیە، هەقوایە نەفرەتی لێبکرێ. هەتا زووشە، ئەرکی تەواوی حیزبەکان و خەڵکی کوردستانە، لەم جۆرە رەوشتە ناپەسەندە وریا بن و سزای ئەنجام دەرانیشی بدرێ باشە. ئەگینا رەوشتی وا، لێقەومانی سیاسی هەر لێدەکەوێتەوە.■

لە ئاکرێ، لێپرسراوێکی یەکێتی دەستگیر دەکرێ

پەیامنێرمان لەئاکرێوە پێی راگەیاندین:

پاش نیوەڕۆی رۆژی (٢١)ی ئەم مانگە هێزی زێرەڤانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەشاری هەولێرەوە گەیشتووەتە ئاکرێ و لەرەشبگیرییەکدا نزیکەی سەد کەس لەدانیشتوانی شارەکەی دەستگیرکردووە، کە یەکێک لەدەستگیرکراوەکان عەبدوڵلا محەمەد سەعید لێپرسراوی ناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەو رووونیشیکردەوە:

هێزەکانی زێرەڤان بەشێوەیەکی ناشیرین رەفتاریان لەگەڵدا کردووەو فڕێیاندا وەتە ناو ئۆتۆمبیلی گیراوەکان، و بەبەرچاوی خەڵکیشەوە سوکایەتیان پێکردووە.

پەیامنێرمان ئاماژەی بەوەیش کرد:

ئەم رەشبگیرییەی هێزەکانی زێرەڤان، وەک کاردانەوەیەک دژ بەرانبەر خۆپیشاندانی چەند رۆژی رابردووی خەڵکی شارەکە کە بەهۆیەوە دوو بەنزینخانە سوتێنران. هەر لەو رەشبگیرییەدا چەندین ئەندامی تری یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی و لایەنەکانی تر دەستگیرکراون. پەیامنێرمان ئەوەیشی ئاشکراکرد: دوێنێ برایەکی لێپرسراوی ناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی لەئاکرێ، سەردانی ناوبراوی کردووە لەگرتوخانەی ئاسایشی ئاکرێ و ناوبراو لەزیندانەوە رایگەیاندووە: ئەوراقم بۆ پڕکراوەتەوەو دەدرێمە دادگا.■

وەزیری پەروەردە شکات لەبەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی دەکا... بڕوانە ل٣